# میللەتی کورد چەندە فەقیرحاڵەو خۆش باوەڕە بە هەموو چەشنێ هەر خەڵەتاوە بە داخەوە بەناوی ئیسلامیش ئە یخەڵەتێنن

## بسم الله الرحمن الرحيم

ڕوو لە کێ بکا ئەو میللەتە هەمووی هەر داوەو فێڵە بۆی داندراوە بە هەموو بەرگێگ بە هەموو چەشنێك سەریان لەو میللەتە شێواندووە یەکێ ئەڵێ با ڕوو بکەینە ئەو عەلمانیەت و بێ دینیەی کە وڵاتانی گاورەکان لە سەرین با چاو لەوان بکەینەوە وەك ئەوان دیموکراتی هەڵبژێرین ! یەکێ ئەڵێ با پشت هەڵکەین لە ئیسلام و وازی لێ بێنین ئەوە ئەبین بە خاوەنی خۆمان و دراوسێکانیشمان ! یەکێ ئەڵێ با هەر کەسەو کەیفی خۆی بێ و بە ئارەزووی خۆی هەڵبژێرێ ! ئەوە هەموی لە دوژمنانی موسڵمانان چاوەڕوان کراوە لامان ئاساییە !بەڵام لە هەمووی سەیر تر کە ئەو میللەتە موسڵمانەو بە ناوی ئیسلام بیخەڵەتێنن ! ! ! خەڵکانێك بە حیسابی ئەوەی لە دژی علمانیەکان و لە دژی باوەڕی بێ باوەڕی ئەجەنگن ! بە ناوی ئیسلامەوە کاسبی ئەکەن و خۆ قەڵەو ئەکەن ! جارێکیان وەفدی حیزبێکی ئیسلامی چوو بوون بۆ سعودیە ئایا بۆ عەمرە یان حەج یان سەفەری تایبەت بوبێ ! ؟ سەردانێکی پێشەوای ئەهلی سوننە عبد العزیز بن باز یان کردبوو ئەویش وەك ناسراوە بە سەخاوەت و کەرەم رحمە الله خزمەتی کردبوون خواردنێکی باشی پێدابوون لە دوای ئەوە کردیان بە دیعایە ئەم حیزبە لە ڕووی کەسانی وەك من ئەیان ووت ئێوە چۆن قسەی ئەو جۆرە زانایانە وەر ئەگرن کە دارو دەستەی حکومەتن و پاکانە بۆ تاغوتان ئەکەن ! ؟ ئەیان ووت وەفدی ئێمە فلان و فلان چوون تەنها ئەو نانەی کە بۆی کردبوون پارەکەی دابوینایە بەشی دە هەزار پێشمەرگەی ئێمەی ئەکرد بیخوا ! ! ! وە سەیارەکەی ژێری بەس تایەو ویلەکەی واو وا ! ! ! ئەوە دیارە من وەڵامی ئەوکەسانەم داوەتەوە کە شتێکی وای لای من باس کردبێ ! بەڵام مەبەستی تایبەتم هەیە لە گێڕانەوەی ئەو باسە ! پێش هەموو شتێ با ئەمە ڕوون بکەمەوە کە شێخ و پێشەوای سەلەفی لەو سەردەمە عید العزیز بن باز رحمە الله زانایەکی ناسراوە لای ئەهلی سوننە وە زانستەکەی پڕی دونیایە وە بە هەموو حیزبە بەناو ئیسلامیەکان ئەوەنەی ئەو خزمەتیان بە ئیسلام نەکردووە ! وە ئەو ناسراوە بەوەی کە یارمەتی هەموو موسڵمانانی داوەو ڕیزی زۆر گرتووە لە میوان ئێوە کە چوون نمەکی ئەوتان کرد لە جیاتی سوپاسی بکەن سفلە ئەبن بەرامبەری ! ؟ نازانن ڕیز گرتن لە میوان سیفەتی پێغەمبەرانە علیهم الصلاة والسلام وە هەر وەها سیفەتی شوێن کەوتەی پێغەمبەرانە لە بڕواداران خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿**هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ ضَيْفِ إِبْرَاهِيمَ الْمُكْرَمِينَ (24) إِذْ دَخَلُوا عَلَيْهِ فَقَالُوا سَلَامًا قَالَ سَلَامٌ قَوْمٌ مُنْكَرُونَ (25) فَرَاغَ إِلَى أَهْلِهِ فَجَاءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ (26)**﴾الذاريات وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( **من كان يؤمن بالله واليوم الاخر فليكرم ضيفه** ) وە کە ئەو سەیارەی هەبووە بۆ بوونی سەیارە حەرامە ! ؟ ئەی

مەسئولەكانی ئێوە بە گوێ درێژ هاموو شۆ ئەكەن !؟ وە ئەوەی كە ئەو پیاوی حكومەت بووە ! ئەمە چی تیایە ئەو موفتی ئەو وڵاتە بوو وەك وەزیرێك بوو ئەو وڵاتەش وڵاتێكی موسڵمانە حوكم بە قورئان و سوننەت ئەكا ئەوە شەڕەفێكە كەسێ ئەو پلەیەی هەبێ لەو وڵاتە ئەی ئەوە نیە ئێوە بوون بە وەزیرو دارو دەستەی ئەو وڵاتانەی كە خۆتان بە كافری ئەزانن و پارەشی لێ وەرئەگرن !!! ئەمە چ ڕوێكە هەتانە !؟ هەر ئەوە ئەڵێین كە وەك پێغەمبەر صلى الله علیه وعلى اله وسلم وە هەموو پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام فەرمویانە : ( **اذا لم تستح فاصنع ما شئت** ) باشە ئەی ئەوە ئێوە كە ئەڵێن ئەو خواردنە بەشی دە هەزار پێشمەرگەی ئێمەی ئەكرد ! ئەبێ وابێ چونكە بیستومانە كە بەستەزمانانە هەر نان و سەوزەیان دراوەتێ ! وە سەركردەكەشتان ڕوونی كردۆتەوە كە چاش ناخۆن لە مەقەڕەكانتان لە یەكێك لە كتابەكانی حیسابی ئەكا كە لەوەندە وەختە ئەوەنە پارەیان بۆ ئەگەڕێتەوە لەوەی كە چا ناخۆن ! ئەتوانن ئەو پارە بە فیشەك و تفاقی شەڕ بدەن ! دوایش بیستمان ئەوەی كە لە دەمی ئەو بەستەزمانانە=كە بەڕاستی زۆربەیان خەڵكی دڵسۆزن بۆ ئیسلام بەڵام خەڵەتاوی ئێوەن= گرتبوتانەوە دابوتان بەچەك یان ئەو چەكانەی وەریشتان گرتبوو ! هەمووی تەسمیلی دوژمنەكانتان كرد ! ئەو لاف و گەزافەی بەسەر خەڵكتان لێدا كە گوایە چەكتان بۆ ڕۆژی ڕەشە !!! هەر لە ڕۆژی سپی تەسمیلتان كرد !!! وە من گەنج بووم تازە لە تەمەنی شانزە سالی حەڤدە ساڵی ئا لەو دەورانە بووم وام ئەزانی ئەو قسانەی ئەو حیزبیانە ئەیكەن لەخۆیانە هێناویانەتە دی كەچی كە سەركردەكانیانم بینی لە سەیارەی تایە پان و زۆر تازەكان ! وە ڕیزێك سەیارەی بەدواوە ! بەڕاستی پێكەنینم یان گریانم بۆ ئەو بەستەزمانانە ئەهات كە خەڵەتاندبویانن نان و ئاویان بە زەحمەت دەست ئەكەوت پێیان ئەووتن ئەبێ ئارام بگرن ئەمە بۆ خوایە !!! ئێستاش هەر ئەوە دووبارە ئەبێتەوە خەڵكانێك خۆیان قەڵەو ئەكەن و پارە لە حكومەت وەر ئەگرن ! كە چی ڕەخنەی ئەوە ئەگرن لە كەسانی وەك من و ئەوانەی وەك منن كە حیزبایەتی ناكەن و بە ڕەواشی نازانن ئەڵێن چۆن ئەبێ ئێوە ئەو حكومەتە بە موسڵمان بزانن !؟ ئەوانە حوكم بە قورئان ناكەن ئێوە دارو دەستەی ئەوانن بۆیە خۆتانیان لێ بێدەنگ ئەكەن ! بەڕاستی ئەو حیزبی و بیر بۆگەنانە وا ئەزانن خەڵكی عەقڵی نیە وە نابینێ و نابیستێ ! ئەی ئەوە نیە خۆتان شەریكی بەشیانن پارەیان لێ وەر ئەگرن و كورسیان لە گەڵ بەش ئەكەن ! خۆ من وە ئەوانەی وەك منن نە حیزبایەتیش ئەكەین نە كورسیشمان وەر گرتووە نە راتبیشمان هەیە لایان وەك ئێوە هەتانە !!! كە ئێمە كافریشیان ناكەین لە بەر ئەوەیە كەس بۆی نیە موسڵمان كافر بكە ! ئەگەر هەرچەندی تاوانیشی هەبێ مادام كوفری نەكردبێ ! وە حوكمی كوفر بە سەر خەڵك بدەی وا ئاسان نیە ئەوە كاری زانایان و ئەوانەن كە راسیخن لە دین نەك ئێوە مانان ! وە ئەگەر ئێوە ئەوان كافر ئەكەن ئەی بۆ شەریكی بەشیانن !؟ پارەیان لێ وەر ئەگرن !؟ لە سەرەوە دەم بە پێكەنین و دەست لەملیان ئەكەن لە ژێرەوەش ئەڵێن تاغوتن و ئەبێ بیان ڕوخێنین ! من زۆر كەس لەوانەی كە

له سه‌ر ڕێچکه‌ی ئه‌و حیزبیانـه‌ن ڕه‌خنـه‌م لـێ ئـه‌گرن بـۆ وه‌ چـۆن حکومـه‌ت بـه‌ کـافر نـازانی و بـه‌ حکومه‌تێکی شه‌رعی ئه‌زانی !؟ وه‌لآمی من هه‌ر ئه‌وه‌یه‌ چونکه‌ من موسـڵمان کـافر ناکـه‌م ! وه‌ لـه‌ ئێوه‌ش ئه‌پرسم کاکه‌ ئه‌ی بۆ ڕه‌خنه‌ له‌ سه‌رکرده‌کانی وه‌ حزبـه‌کانی خۆتـان نـاگرن کـه‌ بـرا به‌شـی ئه‌وانه‌ن که‌ ئێوه‌ به‌ کافریان ئه‌زانن ! یان بۆ خۆتان به‌ هه‌نگوینی تێگه‌یشتون !؟ من نامه‌وێ نـاوی هیچ حیزب و هـیچ که‌سـێك بێـنم چـونکه‌ خـه‌ڵکی عـه‌قڵی هه‌یـه‌و بـه‌ ئیـشاره‌ت تێئـه‌گات ! وه‌ ئـه‌و نوسینه‌شم له‌ هه‌واو ئاره‌زوو نیه‌ ! به‌ڵکو هه‌ر له‌ به‌ر ئه‌و هه‌موو بێ ئـه‌ده‌بی و بـێ حورمه‌تیه‌یـه‌ کـه‌ به‌رامبه‌ری سه‌له‌فیه‌کان ئه‌یلێن و ئه‌یکه‌ن ! وه‌ کۆمه‌ڵێکی تر په‌یـدا بـوون خۆیـان و مـاڵ و منداڵیـان سه‌لامه‌ت و له‌ شوێنی گـه‌رمن منداڵـه‌کانیان بـه‌ ڕاحـه‌تی خۆیـان ئـه‌خوێنن و ژیـان ئه‌به‌نـه‌ سـه‌ر لـه‌و ئه‌وڕوپایه‌ ! که‌چی فتوای زل زل بۆ خه‌ڵکی به‌سته‌زمان ده‌ر ئه‌که‌ن به‌وه‌ی خۆیان بکوژن و خوشك و براکنیشمان له‌ گه‌ڵ خۆیان بکوژن ته‌ڕو وشك به‌ یه‌که‌وه‌ بسوتێنن بشپرسی بۆ ؟ ئه‌ڵێن هه‌ر یه‌که‌یان له‌ سه‌ر نیه‌تی خۆیان زیندوو ئه‌بنه‌وه‌ !!! وایه‌ هه‌ر یه‌کـه‌ لـه‌ سـه‌ر نیـه‌تی خـۆی زینـدوو ئه‌بێتـه‌وه‌ بکوژ =قاتل= به‌ جیا کوژراو=مقتول= به‌ جیا وه‌ چ لـه‌وه‌ تـاوان تـره‌ کـه‌ موسـڵمانێکت بـه‌ ناحـه‌قی کوشتبێ !؟ بێگومان بکوژ تـاوانی ئـه‌وان هـه‌ڵ ئـه‌گرێ ! وه‌ ئـه‌من بـه‌و خه‌ڵکـه‌ ئـه‌ڵێم کـه‌ فـه‌توای سه‌یری له‌م جۆره‌ له‌ که‌سی سه‌یر تریش وه‌ر ئه‌گرن با پێیان بڵێن ئـه‌ی بـۆ خۆتـان ناچـن ئـه‌ کـاره‌ بکه‌ن پێش ئێمه‌ بکه‌ون بۆ به‌هه‌شت ئه‌گه‌ر وتیان خۆمان ناتوانین بڵـێن ئـه‌ی باشـه‌ بـۆ منداڵـه‌کانتان نانێرن !؟ ئه‌وه‌نده‌ش به‌سه‌ بۆیان وه‌ بۆ ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ ژیربن .

له‌ کۆتایی ڕوو ئه‌که‌مه‌ هه‌موو خوشك و برایه‌ك به‌ تایبه‌تی برا گه‌نجه‌کان تکایه‌ به‌خۆتانا بڕۆنه‌وه‌ به‌و جۆره‌ که‌سانه‌ مه‌خه‌ڵه‌تێن با هه‌موومان بگه‌ڕێینه‌وه‌ بۆ ئیسلامی ڕاسته‌قینه‌و دوور بین له‌ حیزبایه‌تی و ته‌فریقه‌ با شوێن هه‌واو ئاره‌زووی خۆمان و که‌س نه‌که‌وین ئه‌گه‌ر موسـڵمانین بـه‌ ڕاسـتی بـا تـه‌نها شوێنی پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بکه‌وین با به‌و که‌سانه‌ نه‌خه‌ڵه‌تێین که‌ بینیمان چۆن ده‌ستیان خسته‌ ناو ده‌ستی ئه‌وانـه‌ی کـه‌ خۆیـان ئیعلانـی جیهادیـان لـه‌ گـه‌ڵ کردبـوون و بـه‌ کافریان دانابوون دوایش له‌ گه‌ڵیان دانیشتن و داوای شتێ پاره‌ی زیاتریان ئه‌کرد ! ئه‌وه‌ با به‌س بێ نابێ برِوادار دوو جار بخه‌ڵه‌تێ ! پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئه‌فه‌رموێ . (**لا يلدغ المؤمن من جحر مرتين**) .

**باوکی حارث**